# هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریەکانی یۆنان

## لە لایەن بەشداربووانەوە



لە ئۆردوگای پێشوازی و ناسینەوەی دورگەی سامۆس، منداڵانی پەنابەر بەشدارن و هاوکات هاندەری منداڵانی هاوتەمەنیانن، بە پشتگیری هاوکارانی بەشی خزمەتگوزاری بۆچونەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، بە گۆڕینەوەی بیروڕاکانیان بەتواناتر دەبن.

**کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە وڵاتی یۆنان**

**لە بەرواری ٢٦ی تەموز – هەتا ٢٠ی ئابی ٢٠٢١**

# پەڕەی ناوەڕۆك


پێشەکی ..... ٣
ئاسایش، لەگەڵ ئەوەشدا سەلامەتی لە توندوتیژی ڕەگەزایەتی ..... ٥
تورەکانی کۆمەڵگاکانی پەنابەران ..... ٧
زانیاری بۆ کۆمەڵگەکان ..... ٩
زمانی یۆنانی ..... ١١
گوزەران ..... ١٣
خانووبەرە / نیشتەجێبوون ..... ١٥
پشتگیرنامەکان / بەڵگەنامەکان ..... ١٧
پێشەنگایەتی ..... ١٩
پاراستنی منداڵ ..... ٢١
تەندروستی ..... ٢٣
کەسانی کەم ئەندام ..... ٢٥
پەیرەوکارییەکان ..... ٢٧
مێژوو و پێکهاتەی دانیشتوان ..... ٢٨


## سوپاسگوزاری بۆ هەموو بەشداربووان

Municipality of Athens through

Municipalities of Heraklion, Chania and Siteia through

Municipality of Ioannina

Municipality of Karditsa through

Municipality of Larisa through

Municipalities of Thessaloniki, Kalamaria and Neapolis- Sykeon through

Municipality of Trikala through



عومەر پەناخوازە و  تەمەنی بیستوچوار ساڵە و خەڵکی وڵاتی ئەفغانستانە، لە وانەی زمانی یۆنای لە خوێندنگای زمانی یۆنانی شارەوانی نیپاپۆلی سیکیۆن، هاوکات دەخوێنێت لە بەشی ئامادەیی پیشەیی وەك بەهرەمەند لە بواری کۆمپیوتەردا.

© UNHCR/ئەخیلەیاس زاڤالیس.

# پێشەکی

کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران ( کۆمیسیۆنی باڵا ) لەگەڵ بەشە خزمەتگوزاریەکانی تری نەتەوەیەکگرتووەکاندا، ڕێکخراوە خێرخوازە هاوکارەکان، شارەوانیەکان و دەزگا بەرپرسەکاندا گفتوگۆیان لەگەڵ پەنابەران١ و پەناخوازاندا لە سەرانسەری وڵاتی یۆناندا کردووە بە مەبەستی ئەوەی کە نیگەرانیە سەرەکیەکانیان و پێشنیارەکانیان بنوسن سەبارەت بە پاراستن و ئاوێتە بوون، وەك بەشێکی سەرەکی بەرنامەڕێژی کۆمیسیۆنی باڵا، بەشداربووانی هەڵسەنگاندنەکە ( بە هە ) دەرفەت دەدات بە کۆمیسیۆنی باڵا و هاوکارەکانی کە بەرنامە مرۆییە بەردەستخراوەکان هەڵبسەنگێنن و بیگونجێنن لەگەڵ پێشنیار و دەستپێشخەریەکانی ئایندەدا بە بایەخدان بە بۆچوون و پێشنیارەکانی پەنابەران، ساڵی ٢٠٢١، لە گفتوگۆکاندا ٦٠٠ پەناخواز و پەنابەر بەشداریان کرد.

نێشتەجێبووی ئۆردوگاکانی پێشوازی و ناسینەوە ( کیت ) لە دوورگەکان و ناوچەی ئێڤرۆس، لە خانە و شوێنی میواندارێتی هەموو شار و شارۆچکەکان لە سەرانسەری وڵاتی یۆنان دا.

پرۆفایلی مافپێدراوان کە بەشداربوون لە هەڵسەنگاندنەکەدا:







سەرچاوە: UNHCR
کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران, UNHCR ©.

| تەمەن و ڕەگەز | بەشداربووان # | پیاوان # | ژنان # |
|---|---|---|---|
| پێکگەیشتووان | **442** | 250 | 192 |
| منداڵان | **124** | 88 | 36 |
| منداڵانی بێهاوەڵ | **57** | 57 | - |

## گرووپە بەشداربووەکان بە باکراوندی تەیایبەتەوە

### کەسەکان بە کەم ئەندامی و حاڵەتی تەیبەتەوە:

١٢ کۆرس بە بەشداربوونی ٦٤ **کەس** بە حاڵەتی کەم ئەندامی، بە بەشداربوونی **پیرەمەندان**،کەسانی بە **کەم ئەندام** یان بە **نەخۆشی درێژخایەن**.

### لاوان:

١٢ کۆرس بە کۆی بەشداربوونی ٥٩ **گەنج تەمەنیان** لە ١٨ بۆ ٢٤ **ساڵ**.

## پرسیارەکان و پێشنیارەکان کە لە لایەن پەنابەران و پەناخوازنەوە خرانە ڕوو و ئاراستە کران:

- **پەنابەرە ناسراوەکان** ڕووبەڕووی ئەستەمگیری دەبنەوە بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامە سەرەکییەکان و گەیشتن بە ئامانجە تایبەتە کەسییەکان.
- **ژنان و کچان** ڕووبەڕووی مەترسییە تایبەتەکان دەبنەوە، لە مەودای ژیاندا، پێکهاتەی ژینگەیەکی نایاسایش هەتا مەترسییەکانی فریودان و ئیستغلالکردن. بە گشتی ژنان و کچان کەمتر دەستییان بە زانیارییەکان و خزمەتگوزارییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگات.
- **فێرببونی زمانی یۆنانی** مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئاوێتەبوون، بەشداربووان باوەڕیان وایە کە دەبێت وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنای بۆ پەناخوازان بەرجەستەکرابێت لە یەکەم ساتەوەختی هاتنە ژووەرەوەیان بۆ ناو وڵاتی یۆنان.
- **دابینکردنی زانیاریەکان بۆ هەر کەسێك و هەروەها لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە:** جیاوازیان هەیە شیوەی گەیاندنی زانیارییەکان بە پەنابەران، پێکهاتە کۆمەڵییەکانی پەنابەران دەتوانن کە ڕێنمایی پەنابەران و پاناخوازان بکەن کە چۆن دەتوانن جیاوازی زانیارییەکان تێبگەن و کام هێڵ ڕیگاکانی پەیوەندی کردن بەکاربهێنن.



گەنجێکی پەناخواز دانیشتووە لەدەرەوەی خێمەیەکدا کە تێیدا وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی دەوترێتەوە بۆ پێکگەیشتووەکان لە شوێنی میواندارێتی ماڤرۆڤونی، لە دورگەی لێشڤۆس.

© *UNHCR/*ئەخیلەیاس زاڤالیس.




چێشڵە پەناخوازێکی ڕزگاربووی توندوتیژی ڕەگەزییە لە وڵاتی کۆنگۆ، لەگەڵ قوشەی کەنیسەی کاتۆلیبیەکەدا گفتوگۆ دەکات، کە هەفتانە و خۆبەخشانە خزمەتگوزاری پەناخوازان دەکات لە پاش نوێژکردن – پارانەوەی یەکشەمەکاندا.
© UNHCR/ئەخیلەیاس زاڤالیس.

# ئاسایش، لەگەڵ ئەوەشدا سەلامەتی لە توندوتیژییە ڕەگەزییەکان.

نیشتەجێبووانی ئۆردوگاکانی پێشوازی و ناسینەوە ( کیت ) لە دوورگەکاندا، لە شارەکان و شارۆچکەکاندا، بە تایبەتی ژنان و منداڵان، **نیگەرانیان دەربری سەبارەت بە ئاسایشیان، لەگەڵ ئەوەشدا سەلامەتی لە توندوتیژییە ڕەگەزییەکان** ( **BGV** ) . هەندێك لە پەنابەران کە لە ئۆردوگاکانی پێشوازی و ناسینەوە دا دەمێننەوە، ووتیان کە ڕەوشی ئاسایش باشتربووە لەو ساتەوەختەی کە ڕێژەی نیشتجێببوان کەمیکردۆتەوە لە ئۆردوگاکاندا و هەروەها لە پاش ئەوەی کە هەندێك خزمەتگوزاری دابینکرا بۆ ژنانەی کە بەتەنیا دەمێننەوە، بەڵام ئەوانی تر ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەگەر دراوسێی کەمترت هەبێت مەترسی زیاترت بۆ دروست دەکات، چونکە کەسانێك نین بتپارێزن لەشەودا لە کاتێك کە هێرش دەکرێتە سەرت، ئەوە لە کاتێکدا کە هاتووچۆ و چاودێریکردنی پۆلیس نییە لە شەودا.

**ژنان و منداڵان زۆر زیاتر ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسی فریوودان دەبنەوە، بە هۆی کەمتەرخەمی ئاسایش و پاراستن.** ئەو مەترسییانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا و زۆر جیدین لە ئەسینا ڕەچاودەکرێن، ئەوەیە کە بازرگانانی دەرمانفرۆشی و بە کاڵاکردنی مرۆڤ ئامانجییان دەستنیشانکردن و بەکارهێنانی کاسانی لاواز و بێتواناى کۆمەڵگەی پەنابەرانە. ئەو هۆکارە سەرەکییانەی کە ئاستی مەترسی توندووتیژی ڕەگەزی بەرز و زیاد دەکات سنورداری و نەزانین لە چۆنیەتی گوزەران / یان دەستگەیشتن بە کۆمەکە داراییەکە، کەمتەرخەمی دەزگا بەرپرسەکان،یان نەبوونی ئاسایش، یان دڵنیانەبوون لە ئایندەی کەسی وە ك سەرچاوەیەکی نادیاری تایبەت بە مافەکانییان کە یاسا جۆراجۆرەکاندا ڕەچاوکرابوو، وە ڕەوشی نالەبار و سەختی گوزەرانی.

> << ئەو دەستپێشخەرییە [ کە ژنان بخرێنەجێگەیەکی تایبەتەوە ] دەکرا کە زووتر ئەنجام بدرێت، بە پێچەوانەوە دەبوو چەندین ڕووداوو ڕوویدات هەتا ئەو پێشنیارە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر چی ئەنجامیش درا، جێگاکە لە شەودا هەر بە کراوەی مایەوە، پیاوەکان هەوڵییان دەدا کە بڕۆنە ژوورەوە <<.

پەناخوازێکی کامێرۆن

لە دوورگەی سامۆس

## دەرفەتەکان

- ئەندامانی کۆمەڵەی پەنابەران پشتگیری یەکدی دەکەن بۆ پارێزبەندی و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکانی پاراستن، لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژییە ڕەگەزییەکان.
- پەنابەرانی خۆبەخش هەن کە دەتوانن ئاگادارکردنەوە و ڕێنمایکردنی هاوتەمەنەکانیان بکەن سەبارەت بە توندوتیژییە ڕەگەزییەکان.

## ئاڵەنگارییەکان

- نائارامی بە هۆی توندوتیژی، ماددەی هۆشبەری، ئەلکهۆل، قاچاخچیەکان.
- ترسی تۆڵەسەندنەوە و متمانە نەبوون بەرامبەر تێوەگلانی پۆلیس، لە حاڵەتێکدا کە ئاماژە بە ڕووداوەکانی توندوتیژی رەگەزی بکرێت.
- ترس لە بە زۆرەملێ گێڕانەوە / سنورداش کردنەوە.
- نەبوونی زانیاریەکان سەبارەت بە شێوەی پشتگیریکردن لە حاڵەتەی ڕوودانی توندوتیژی ڕەگەزی دا.
- مەترسی گەورەی بێلانەی، بە ئەندازەیەکی زۆر بە هۆی ئەوەی کە لە حاڵەتێکدا کە کەسێك وەك پەنابەر دەناسرێت، مافی پەنابەرێتی وەردەگرێت.
- دەستنەگەیشتن بە یارمەتی و کارکردن بۆی هەیە کە ئەو دایکانەی بە تەنیان ناچار بکات پەنابەرنە بەر کارداری مەترسیدار بە مەبەستی ئەوەی بتوانن گوزەرانی منداڵەکانیان دابین بکەن، وەك لەشفرۆشی بەرامبەر بە پارە.
- نەبوونی جێگاوڕێگایەکی پارێزراو بۆ ئەو کەسانەی کە لە توندوتیژی رەگەزی رزگاریان بووە.



## پێشنیارەکانی پەنابەران

- بۆ شوێنی میوانداریتییەکان / کیت، ژنان و منداڵان داوایان کرد کە چاودێریکردنی پۆلیس لە شەودا هەبێت، ڕۆشنایی زیاتر و قوفڵکردنی شوێنی مانەوەکان.
- دادپەروەری بۆ ئەو تاوانانەی کە لە ناو ئۆردوگاکاندا / کیت، و شوێنی میوانداریتییەکاندا کراون.
- داوای دەستبەجێی بەشی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی، چونکە پەنابەران ماوەیەکی زۆرە کە لەناو ئۆردوگاکاندا دەمێننەوە.
- شوێنی پارێزراوی گوزەرانی بۆ ژنان / منداڵان لە شوێنی میوانداریتییەکاندا، دیاریکردنی شوێنی تایبەتی بۆ ژنان لەناو ئۆردوگاکان وشوێن و جێگای میوانداریتییەکاندا.
- ئاسانکاری باشتر بۆ ڕزگاربووانی ڕووداوەکانی توندوتیژی ڕەگەزی بە مەبەستی خزمەتگوزارییان، جیاوازتر لە پابەندە یاساییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونەکە.
- بەردەوامی کۆمەکە داراییەکە و خزمەتگوزاری نیشتەجێبوون هەتا ئەوکاتەی چارەسەرگەریەکی تر دەدۆزرێتەوە، ( هیلیۆس، کۆمەکە دەوڵەتییەکە، کارکردن ).
- ژنان داوای ڕاوێژکاری خێزانییان کرد، زانیاری زیاتر سەبارەت بە توندوتیژی رەگەزی و هەروەها مافەکانی ژنان لە ئۆردوگاکان و شوێن و جێگای میوانداریتییەکاندا.
- ژنان داوای پشتگیرکردنیان کرد بۆ ئەوەی کە بتوانن سکاڵا دژ بە توندوتیژی رەگەزی لە بنکەکانی پۆلیس دا تۆمار بکەن.
- پەنابەران فێربکرێن بە مەبەستی ئەوەی بتوانن ڕێنمایی و پشتگیری ئەوکەسانە بکەن کە رزگاربووی ڕووداوەکانی توندوتیژی رەگەزین.
- دامەزراندنی پەنابەرانی بەهرەمەند لەوکەرتانەی کە پەیوەندیدارن بە وەڵامدانەوەی ڕووداوەکانی توندوتیژی رەگەزیەوە ( بۆ نمونە: پەرستارەکان، پزیشکان، دەروونناسان و هتد..)، بە مەبەستی بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەزگاکان.

لەنا پەناخوازێکی سورییە و ئەندامی گرووپێکی خۆبەصشکارانە کە یارمەتی ئەو کەسە قوربانییانە دەدەن کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی و توندوتیژی خێزانی بونەتەوە لەناو ئۆردوگای میوانداریتی ڤیاڵ، لە دورگەی خیۆس.
UNHCR/ © ئەخیلەیاس زاڤالیس..




پەنابەرانی خۆبەخش لە نوسینگەی زانیارییەکان تایبەت بە کۆڤید-١٩ کە کەوتۆتە ناو شوێنی میوانداریێتی لە ماڤرۆڤونی، لە دورگەی لێشڤۆس

.. © *UNHCR*/ئەخیلەیاس زاڤالیس..

# تۆڕەکانی کۆمەڵگەی پەنابەران

زۆربەی کۆمەڵگەکانی پەنابەران ئاستێکی پێکهاتەییان هەیە، بەڵام بۆی هەیە کە پیاوان زۆر زیاتر لە ژنان زانیارتر بن و بەشداری کۆبونەوە و دیدارەکانی کۆمەڵگەکانی پەنابەران بکەن، ژنانی هەموو نەتەوە جیاوازەکان، شارەزای تۆڕی کۆمەڵگەکانی پەنابەران نین، بێجگە لەو ژنانەی کە لە ئۆردوگا دیاریکراوەکان و خانەی میواندارێتییەکاندا دەژین، کە ئەو شوێن و جێگا گونجاوانەیە کە بۆ ئەوان دروستکراوە، نیشتجێبووانی بەرنامەی ئێستییا زۆر زیاتر بچراون بە کۆمەڵگەکانی پەنابەرانەوە، پەنابەران لە کۆمەڵگە بچوکەکانی پەنابەراندا، وەك ئەوانەی دوورگەکانی کۆ و لێرۆس، ناوبەناو هاوکاری و کاردانەوەیان هەیە لەگەڵ یەکتردا، هەربۆیە کە وویستی خۆڕێکخستنی کەسی کەمتر پێویستە.

**کۆمەڵگەکانی پەنابەران خۆیان ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانەوە پشتگیری یەکدی بکەن، بەڕیوەبردنی ناکۆکییەکان و پەیوەندیکردن بە دەزگا بەرپرسەکان و کەرتە خزمەتگوزارییەکان**. ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕێنمایکەری خودی پەنابەرانن لە خانەکانی میواندارێتی ناو شار و شارۆچکەکاندا، هاوکات چالاکسازی و ئاوێتەبوون و فێرکردن دەرمخسێنن بۆ ئەندامەکانییان، هەروەها خۆراك و شتومەکی تر دابەش دەکان، خۆراکی ووشکە بەسەر خێزانە لاواز و بێ دەرامەتەکاندا، سەرەڕای ئەوەش، پەناخوازان و پەنابەران لە زۆربەی شوێن و جێگاکاندا بە جیاوازی نەتەوە و ڕەگەزەکانەوە باسی ئەو یارمەتی و خزمەتگوزاریانە دەکەن کە لەلایەن کەسانی یۆنانیەوە پێشکەشیان کراوە.

>> کاتێك کە لە ئۆردوگا / کیت، بووم، هەمووان – ژنان و پیاوان، هەمیشە قسەوباسیان لەسەر ئەو بابەتانە دەکرد کە کاردانەوەیان هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی پەنابەران و هەوڵیان ئەدا بەمەبەستی ئەوەی چارەسەریان بکەن، تەنانەت ئەگەر ناکۆکی هەبوایە لەناو کۆمەڵگەی پەنابەراندا یان جیاوازی لە نێوان ( نەتەوەکان/ وڵاتەکان/ ئاینییەکان ) ی کۆمەڵگەکاندا، هەوڵمان ئەدا کە چارەسەرگەری ناکۆکییەکان بکەین <<.

پیاوێکی پەنابەری خەڵکی

کۆنگۆ / کامیرۆن لە دوورگەی

کۆس

## دەرفەتەکان

- کۆمەڵگەکانی پەنابەران کارگوزاری پێشکەش دەکەن لە ئۆردوگاکان، شوێن و خانەکانی میوانداریێتی لەناو شار و شارۆچکەکاندا.
- کەسانی متمانە پێکراوی کۆمەڵگەکانی پەنابەران پشتگیرکەری چارسەرکردنی ناکۆکییەکانن کە ڕودەدات لەنێوان ئەندامانداا.
- خەڵکی یۆنانی پشتگیری پەنابەران دەکەن.
- پەناخوازان و پەنابەران کە بە نیشتەجێبوون بە خەرجی خۆیان، کەمتر پەیوەندیان هەیە لەگەڵ کۆمەڵگە ناوچەییە یۆنانیەکاندا هەیە.
- هەوڵ دەدەن لەڕێگەی کۆمەڵگەوە بۆ سازدانی دیدار و چاوپێکەوتن و هێشتنەوەی پەیوەندییەکان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەمەبەستی ئاڵوگۆرکردنی زانیاریەکان، ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەکانی پەنابەران و هەروەها یارمەتی ئەو خێزانانە بدەن کە پێویستییان هەیە.

## ئاڵەنگارییەکان

- نیشتەجێکردن لە شوێنە بچووکەکاندا یان لەگەڵ کەمایەتیە دابڕاوەکاندا ئەندامانی چالاکییان نییە لەناو کۆمەڵگەدا.
- ڕێکخراوەکان کە چاودێری پەنابەران دەکەن لە شار و شارۆچکەکاندا، هەمیشە نوێنەرایەتی تەواوی کۆمەڵگەی پەناباران ناکەن.
- ژنان زۆر بە دەگمەن و کەمتر شارەزان یان بەشداربوونیان هەیە لە تۆڕەکانی کۆمەڵگەکانی پەنابەراندا.
- نوێنەرانی خۆدەستنیشانکراوی کۆمەڵگەی پەنابەران لەوانەیە کە بە خراپکاری دەسەڵات بەکاربهێنن بەمەبەستی فریودانی دانیشتووان بۆ خزمەتگوزارییە خۆراییە دەوڵەتییەکان.
- ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە یۆنانییەکانەوە باش و ئەرێنییە، هەندێك لە پرسیارلێکراوان ئاماژەیان بە ئەزموونی نێگەتیڤی خۆیان کرد، هەروەها بەر هەڵستی تەسکی پێکهێنانی پەیوەندیکردن بە یۆنانییەکانەوە.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- ناسینەوە و پشتگیرکردنی کۆمەڵگەکانی پێکهاتەیی پەنابەران، بە سازدانی بەردەوامی دیدارەکان لە نێوان هەردوو بەرەدا لەرێگەی بەڕێوبەرایەتی – فەرمانڕەوای شوێنی میوانداریێتییەکە یان دەسەڵاتی شارەوانییەوە.
- دابینکردنی شوێنی تایبەت / گونجاو بۆ دیدارەکان و چالاکییەکانی کۆمەڵگەکان لەناو ئۆردوگاکاندا، لە شوێن و جێگای میوانداریێتییەکان و شارەوانییەکاندا.
- وویستگەری پێکوەبوونی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی میوانداریکردنی خێزانی پەنابەرانەوە لەلایەن خیزانانی یۆنانییەوە.
- ناسینەوەی فەرمی کۆمەڵگەی پەنابەران لەلایەن کۆمەڵگاوە بەمەبەستی چاودێریکردنی ناکۆکییەکان، دەستنیشناکردنی کێشەکانی ئاسایش و ڕادەستکردنییان بەپێی پێوسیت، هەروەها بەشداربوونیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان.
- هاندان و پشتگیرکردنی دەستپێشخەرییەکان و چالاکییەکان کە پێکەوەژیانی ئاشتیانە بەرهەمدەهێنێت و هەستی کۆمەڵگە بەرز ڕادەگرێت.



کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران پشطگیری گرووپێکی پەناخوازان دەکات کە خۆبەخشانە یارمەتی پارێزبەندی لە کۆڤید-١٩ دەدەن، لە یۆردوگای ڤیاڵ، دەمامك دروست دەکەن

© UNHCR/ئەخیلەیاس زاڤالیس



یەکەی خزمەتگوزاری لەگەڵ منداڵێکی بێهاوەڵدا گفتوگۆ دەکات لە نزیك هێڵی شەمەندەفەری سالۆنیك سەبارەت بە میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتە کتوپڕەکان و یارمەتیدانی منداڵانی بێهاوڵ ئەگەرچی کە بێلانە بن یان لە جێگا و شوێنی نائاساییشدا دەژین.

© UNHCR/ئەخیلەیاس زاڤالیس.

# زانیارییەکان بۆ کۆمەڵگەکان

زۆربەی پرسیارلێکراوەکان وتیان کە مافەکانیان نازانن، هاوکات زۆربەیان وتیان کە **هیچ** جۆرە پێڕاگەیاندنێکیان بۆ نەکراوە، بێئاگایی و نەبوونی زانیاری سەبارەت بە مافەکان لە وڵاتی یۆنان ئاماژەی بۆکرا لەلایەن نێشتەجێبووانی ئۆردوگاکانەوە، لە شوێنی میوانداریێتییەکانی ناو وڵات، لە شار و شارۆچکە و شارەوانیەکاندا.

سەرەڕای هەوڵەکانی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، هاوکارەکان و پێکهاتەکانی تریش، نەزانینی زمانی یۆنانی وەك سەرچاوەی سەرەکی ڕەچاوکرا سەبارەت بە بێئاگای لە زانیاریەکان، **سەرچاوە سەرەکیەکانی پەیوەندیکردنەکان زانیاری وەرگرتنە لە پەنابەرەکانی تر، کارگوزەرانی ڕێکخراوە خێرخوازەکان، کارگوزەرانی کۆمەڵناسی / پارێزەران، وە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە**، زۆربەی بەشداربووان نەیاندەزانی چۆنیەتی بەکارهێنانی میکانیزمی گلەیی و نیگەرانیەکان و شێوەی سکاڵاکردن دژ بە هەرجۆرە ڕەفتارێکی ناپەسەندی تیمی کارگوزەران کە زانیاریەکان دەدەن بە پەناخوازان و پەنابەران.

سەرچاوە دیاریکراوەکانی پەیوەندیکردن، بەپێی ستونی وویستگەری، زانیاری وەرگرتن بوو لە خودیپەنابەران یان لە ڕێکخراوە خێرخوازەکان، لە ڕیگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، نامەی نوسراوی یاخود لە ماڵپەڕەکانەوە، زۆر زیاتر واتچاپ بەکاردەهێنریت و بەدوایدا فەیسبووك.

<< ئەوەندەی کە لە ئۆردوگا / کیت، مابوومەوە، کەسانی وڵاتەکەم کۆمەڵێکیان هەبوو لە واتچاپ کە لەوێدا بیروڕامان دەگۆڕییەوە، هەموو زانیاریەکانم لەڕێگەی واتچاپەوە دەست دەکەوت >>.

## دەرفەتەکان

- گرووپەکانی ئاد – هۆك ی واتچاپ لەناو کۆمەڵگەکانی پەنابەراندا هەن لە زۆربەی جێگا و شوێنەکاندا بەپێی زمان / نەتەوە.
- کەسانی باوەرپێکراوی کۆمەڵگەکانی پەنابەران ئەو پێگەیە بەکاردەهێنن وە بەباشی کاردەکات وەك هێڵی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان کۆمەڵگەکاندا.
- ئەندامانی کۆمەڵگە دەتوانن کە پشتگیری پەنابەرە نوێکان بکەن، زانیاریان سەبارەت بە کاروبارەکان پێ بدەن، شوێنگەی مانەوەکەیان و تێگەیاندنیان کە چۆن بتوانن بەشە خزمەتگوزاریەکان بەسەربکەنەوە.
- پەنابەران کە زمانی یۆنانی دەزانن باشتر لە مافەکانیان تێدەگەن.

## ئاڵەنگارییەکان

- زانیارییە بەردەستخراوەکان زۆرکات ناگەن بە پەناخوازان و پەنابەران، ئەوە لەکاتێکدا کە ناتەواوی هەیە لە بڵاوبوونەوەی زانیاریەکاندا.
- ئەندامانی نەخوێندەواری کۆمەڵگەی پەنابەران بەتایبەتی پەیوەستن بەوانی ترەوە بۆ وەرگرتنی زانیاریەکان.
- گرووپەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کە کارگێری کۆمەڵگە دەکەن زۆرکات باوەڕپێکراونین و هەندێ جار زانیاری ناتەواویان هەیە.
- گرووپەکانی دۆم/ یوئێن/ ئیستییا لە واتچاپەوە پەنابەران ئاگادارناکەنەوە سەبارەت بە مافەکانیان، زانیاریەکانیان زۆرزیاتر تایبەتە بە ڕەوشەکانەوە.
- ئەگەرچی هەندێك لە پەنابەران ئاگادارکرانەوە سەبارەت بە مافەکانیان کاتێك کە بڕیارەکان تایبەت بە داواکاریەکەی ئەرێنی بوو، هاوکات تێگەیەندرا سەبارەت بە چۆنیەتی گەیشتنی بەو مافانە.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- دەزگا بەرپرسەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دەزگای پەنابەری و خزمەتگوزاری شارەوانیەکان، پێشخەری بکەن لە گەیاندنی زانیاریە فەرمی و ڕاست و دروست و باوەڕپێکراوەکان بە زمانی پەناخوازان و پەنابەران، بۆ مافەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا مافەکانیان لە پاش مافپێدراویەکە، کاروبارەکان، دەزگا دەوڵەتییەکان، وە هەروەها بیمە کۆمەڵایەتیەکاندا.
- دەزگا بەرپرسەکان، بە تایبەت بەڕێوبەرایەتی شوێنی میوانداریتییەکە، ڕاستەوخۆ و ناوبەناو کۆبوونەوە و دیدار ڕێکبخەن لەگەڵ کۆمەڵگەی پەنابەراندا.
- لە ئۆردوگاکاندا کۆشکێکی تایبەتی ڕاگەیاندن دەروست بکرێت، بۆ ئەوەی وازهێنان بکەن لە کرداری ناردنی کەسەکان لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی دیکە.
- دەزگای یەکەمی پێشوازی ناسینەوە، ناوبەناو دیدار و چاوپێکەوتنی دووبەرەکان سازبکات، بەمەبەستی ئەوەی زانیاریەکان بگەیەنێتە هەموو کۆمەڵگەکان، وە بەردەوام زانیاریەکان بە نوسراو بنێرێتە بۆ گرووپی واتچاپ بەمەبەستی ئەوەی زانیاریەکان بگەن بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکان.
- دەزگای یەکەمی پێشوازی و ناسینەوە، دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێتی خۆڕایی دابین بکات لە ئۆردوگاکان و شوێنی میوانداریتییەکاندا.
- دەزگای یەکەمی پێشوازی و ناسینەوە، میکانیزمێکی بەئەنجام دەروست بکات بەمەبەستی ئەوەی سکاڵانامەکان پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی ئۆردوگاکان بکرێت، زانیاریەکان سەبارەت بە میکانیزمی سکاڵانامەکان و ناوبەناو ڕادەستکردن و ناردنیان بۆ ڕادیۆ و کەناڵە پەخشییەکان.
- کەناڵەکانی زانیاری پێویستەکە گونجێنراوبن بەمەبەستی ئەوەی بگات بە کۆمەڵگەکانی پەنابەران لەناو شار و شارۆچکەکاندا، پێویستە کە سەرجەمی زانیاریەکان بەردەستی دەزگا ناوچەییەکانی شارەوانیەکان بخرێت. هەروەها زانیاریەکان بڵاوبکرێنەوە لە پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، وە پێویستە کە بەردەستخرابێت بە زۆرینەی زمانەکان، وەك تورکی، سۆماڵی، لینگاڵە.
- گەشەپێدانی شێوەی زانیاریگەیاندن بە کەرەستەکانی گوێبیستی و بینین وەك مافەکانی پەناخوازان و پەنابەران، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریەکان سەبارەت بە دەستگەشتن بە بیمە کۆمەڵایەتیەکان، بە زمانی وڵاتەکەیان، بەتایبەت بۆ نەخوێدەوارەکان.




ئافرەتێکی ئەفغانی پەناخواز نامەکانی ناو تەلەفۆنەکەی دەخوێنێتەوە، لە شوێنی میوانداریێتی لە ماڤرۆڤونی، لە دورگەی لێشڤۆس. *UNHCR/*. © ئەخیلەیاس زاڤالیس..



پەناخوازان ئامادەی وانەکانی پ/ڕبوونی زمانی یۆنانین لە شوێنی میوانداریێتی ماڤرۆڤونی، لە دورگەی لێشڤۆس./*UNHCR* © ئەخیلەیاس زاڤالیس..

# زمانی یۆنانی

**کەمی یان نەزانینی زمانی یۆنانی وەك سەرچاوەی ڕێگری سەرەکیە بۆ دەستنەکەوتنی کار، جێگا، دەستنەگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان و بە گشتی گەشتن بە دەرفەتەکان ئاماژەی بۆکرا.**

پرسیارلێکراوان هاودەنگانە داوای دەستگەیشتنیان بە زووترین کات بە وانەکانی زمانی یۆنانی کرد لەپاش گەیشتنیان بە وڵاتی یۆنان، بەپێچەوانەوە، چاوەڕوانی دەستپێکردنی وانەکانی زمانی یۆنانی لە دوای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی وەك بێ سوود ڕەچاودەکرێت و ڕەخساونیە بۆ ئاوێتەبوون.

<< ئەگەر زمان نەزانیت، وەك کوێر وایت. ئەگەر لەسەر چیا بەجێی بهێڵیت، ناتوانێت ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە >>.

پەنابەرێکی عێراقی، لە سامۆس

<< زۆرجار، بیردەکەمەوە کە ئافرەتێك لە تەمەنی مندا دەبێت تەنها دابنیشێت بەبێ جووڵە و بپارێتەوە، بەڵام دیسان، ئەوەندی کە مرۆڤ هەناسە دەدات،پێویستە کە بەردەوام فێربێت، کەوابوو کتێبەکەم دەبەم و دەڕۆمە ناو باخچەکە و دیسانەوە دەست دەکەم بە خوێندنەوەی یۆنانی >>.

ئافرەتێکی بەساڵاچووی ئەفغانی

پەناخواز

## دەرفەتەکان

- پەنابەران کە بەخەرجی خۆیان ماڵیان هەیە ئەگەری زیاتر هەیە کە زمان بەکاربهێنن لەگەڵ کەسانی خۆماڵیدا بۆ ئەوەی ڕاهێنانی زمانی یۆنانی بکەن.
- کۆمەڵگەکانی پەنابەران لەناو شار و شارۆچکەکاندا دەستیان بە وانەکانی زمانی یۆنانی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەکەیان کردووە.
- وویستی پەناخوازان و پەنابەران کە فێری زمانی یۆنانی ببن.

## ئاڵەنگارییەکان

- کەمدەرفەتی دەستگەیشتنی پەناخوازان بە وانەکانی زمانی یۆنانی.
- ڕاوەستانی وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی بە ئامادەبوون بەهۆی پاتاگیری کۆرۆنا، کۆڤید-١٩ وە.
- نەبوونی خزمەتگوزاریەکانی چاودێریکردنی ڕۆژانەی بەرهەڵستی بۆ ئافرەتان دروست دەکات کە نەتوانن ئامادەی وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی ببن.
- داواکردنی کرێی خوێندن لە پەیمانگا فەرمییەکانی زمانی بیانیدا ڕێگەگرن لە تۆمارکردنی پەنابەران لە وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانیدا.
- هاتنی بەردەوامی خوێندکارانی نوێ دەبێتە هۆی دواخستنی گواستنەوەی خوێندکارەکانی تر بۆ ئاستێکی ناوەندی.
- مانەوەی بەردەوام لە ئۆردوگاکان و شوێنەکانی میوانداریتی دا، وە نا دڵنیایی سەبارەت بە بارە یاساییەکە کاردانەوەی تەندروستی دەروونیان دەبێت و کاریگەرن لە کەمکردنەوەی حەز و ویستی فێربوون.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- لە ساتەوەختی هاتنە ناو وڵاتی یۆنان، پێوسیتەکە وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی هەبێت.
- لەلایەن دەوڵەتەوە وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی دابینبکرێت بۆ بەهرەمەندان، تەنانەت لە ئاستی شارەوانیەکانیشدا.
- دەزگای یەکەمی پێشوازی و ناسینەوە وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی دابین بکات بۆ ئافرەتانلە جێگایەکی گونجاو بۆ ئەوان لەناو ئۆردوگاکان و شوێنی میوانداریتییەکاندا، هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاری چاودێریکردنی ڕۆژانە.
- ڕێکخراوەکان کە کارگێڕیکردنیان لەلایەن پەنابەرانەوەیە لە ناو شارەکاندا پشتگیریبکرێن بۆ ئەوەی بتوانن وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی و خزمەتگوزاریەکانی چاودێریکردنی ڕۆژانە دابین بکەن.
- دەستگەیشتن بە خوێندنی فەرمی بۆ پێگگەیشتووان و منداڵان، هەووەها وانەکانی فێربونی زمانی یۆنانی.
- ولاتی یۆنان نمونەکانی وڵاتانی تری ئەوروپا بگرێتەبەر، وانەکانی فێربوونی زمان دابین بکات، بەهرەمەندی مامۆستایەتی، بەمەبەستی ئەوەی کە کەسەکان سوودبەخش بن بە کۆمەڵگا.
- دامەزراندنی کۆرسەکانی زمانی یۆنانی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە لە حاڵەتی سنورداریتیدا بەهۆی کۆرۆنا، کۆڤید-١٩، کەواتە پێوسیت دەکات کە بەردەستخرابێت لەئۆنلاین و ئامێرەکاندا.




مامۆستایەك لە قوتابخانەی زمانی یۆنانی لە شارەوانی نیپاپۆلی – سیکییۆن لە کاتی وانە ووتنەوەی ئۆنلاین لەگەڵ خوێندکاران دا. *UNHCR/* © ئەخیلەیاس زاڤالیس.



پاگیی پەنابەرێکە خەڵکی گانا یە، گەیشتە وڵاتی یۆنان وەك مێردمنداڵی بێهاوەڵ لە ساڵی ٢٠١٨ دا، ئەمڕۆ خوێنکارە و لە بەشی زانستی پزیشکی دەخوێنێ لە زانکۆی دێرەی ئەمەریکی لە یۆنان. *UNHCR/* © ئەخیلەیاس زاڤالیس.

>> ئەوە ماوەی دوو مانگە کە کۆمەکە داراییەکەم وەرنەگرتووە،هیچ هەڵبژاردەیەکی ترم نییە، لەگەڵ منداڵەکانمدا دەڕۆم بۆ کۆکردنەوە بتڵە پلاستیکەکان بۆ ئەوەی بیگوزەرێنم <<

ئافرەتی پەناخواز،

ئەسینا

# گوزەران

**زۆربەی بەشداربووان ئاماژە بەوە دەکەن کە بۆ ئەوان تەنها کارکردنی نافەرمی دەست دەکەوێت، وە تەنانەت بۆ پەنابەرانیش بە پیشەوە کارە پیشەییەکەیان ناکەن.**

دەرفەتەکانی کارکردن بەردەستخراوە لە تۆڕەکانی کۆمەڵگەکانی پەنابەراندا، تەنانەت ناوی شوێنکارەکان، سەرچاوەکان بەردەستخراون لەلایەن شوێنی

میوانداریێتیەکەوە ، تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و لە کاتی

چاوەڕوانیکردن لە بەخچە گشتیەکان بۆ ڕۆژانەیەك.

>> زۆربەی لە ئێمە مامۆستاین، بەڵام بڕوانامەکانمان پەسەند ناکرێت، زۆربەی پەنابەرانی کۆمەڵگەکەمان لە چێشتخانەکاندا کاردەکەن <<.

پیاوێکی پەنابەر

ئەسینا

## دەرفەتەکان

- پەنابەران و پەناخوازان بەهرەمەندی و کارامەییان تێدایە و دەتوانن کە لە هەندێك بواردا دابمەرزێندرێن، وەك گەشتیاری، جوتیاری، دروستکردن.
- پەنابەران و پەناخوازان مەبەستیانە کە کاربکەن و گوزەرانی خۆیان دابین بکەن.
- ئەندامانی کۆمەڵگەی پەنابەران سەبارەت بە هەلی کارکردن و بارودۆخی شوێنکاریەکە ئاڵوگۆڕی بیروڕاو زانیاریەکان لەنێوانیاندا دەکەن.
- پەنابەران کە بە خەرجی خۆیان مآڵیان هەیە، زۆر خۆبەرێوەبەرن هەتا بتوانن خودی خۆیان سەردانی دەزگا بەرپرسەکان بکەن.
- هەندێك لە پەنابەران توانیان کە پرۆژی بازگانی دابمەرزێنن.
- دەرفەتی وەرزی کارکردن هەن لە بەشەکانی جوتیاری و گەشتیاری دا.

## ئاڵەنگارییەکان

- کەمتەرخەمی زانینی زمانی یۆنانی.
- نەبوونی خزمەتگوزاری چاودێریکردنی بەردەوام بۆ ئافرەتان.
- مۆنۆپۆڵکردنی کارگەری، ڕەوشی نالەباری شوێنکاری، یان کارکردنی زیادە یان کار بەبێ گرێبەستی کارکردن.
- جیاوازیکردن و ڕەگەزپەرستی.
- نەبوونی دەرفەتەکان و بەڵگەنامەکانی خۆدامەزراندن.
- بیرۆکراسی و ئاستەنگی دارایی بۆ کردنەوەی پرۆژەیەکی کەسی.
- نەبوونی بەڵگەنامەکان بۆ بەدەستهێنانی کارێکی یاسایی – فەرمی.
- نەبوونی پەیڕ و تۆڕەکان بۆ دۆزینەوەی کار.
- نەبوونی دەرفەتە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی پیشەیی.
- هەندێك لە پەنابەران کاردەکەن بە تەنها بۆ خواردن نەك بۆ دەسکەوت.
- نەبوونی زانیاری بۆ مافەکانی کارگوزەران، دەرفەتەکانی کارکردن و ئەرکەکانی.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- خزمەتگوازاریی کۆرسەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی، بە ڕەخسانکاری کات و ووردەکاریەکانیەوە یان کۆرسکردنی وانەکانی زمانی یۆنانی بۆ هەر سێکتەرێك.
- نوسینگەی زانیارییەکان لەناو ئۆردوگاکان و شوێنی میواندارێتیەکاندا تایبەت بە دەرفەتی کارکردن بەپێی کارامەییەکان و تواناکان، یارمەتیدان بۆ نوسینەوەی ژیاننامە – سیڤی، هەل و دەرفەتیکارکردن لەبازارگەی کارگوزاری ناوچەکە – شار و شارۆچکە و دوورگەکەدا.
- زانیاری سەبارەت بە مافەکانی کارکردن، بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ بەدەستهێنانی کار لە بازاری کارگوزاریدا، پاراستنی پەنابەران لە ئیستغلالکردنی کارگەریدا و پشتگیرکردنی پەنابەران بەمەبستی بەدەستهێنانی کاری فەرمی – یاسای.
- چاودێریکردنی ڕۆژانە یان ئاسانکاری بۆ دەست گەیشتن بە بەشی چاودێریکردنی ئافرەتان بە منداڵەوە یان پشتگیریکردنی تۆمارکردنی منداڵان لە قوتابخانەکان دا، بەمەبستی ئەوەی کە دایکانکە بەتەنهان بتوانن کاربکەن.
- پشتگیرکردنی پەنابەران بەمەبەستی دەرخستنی توانا و کارامەییان، پێناسینی بڕوانامەکان و دەرخستنی کارامەییەکانیان.
- زۆرزیاتر بەردەستخستنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان ( ڕاوێژکارانی کۆمەڵایەتی )، وە دەستگەیشتنی پەنابەران بە بازاری کارکردن.
- وێنەی تەواوی پێداویستیەکان و مەرجەکانی بازاری کارکردن، بۆ ئەوەی کە هەر هەوڵدانێکی بونیاتنەری هەبێت بەمەبەستی دروستکردنی پرۆژەی بازرگانی بژێو بێت.
- بڕوانامەی پیشەگەری ( لە سەنتەری کۆمەڵگەی پەنابەران، کە فێرکەرەکان پەنابەران بن) وە بە ووتنەوەی وانەکانی هونەری پیشەگەری کە بتوانن بڕوانامەی دەچوونی لەسەر بدەن.
- پشتگیرکردنی ئامانجبەخش بە مەبەستی دروستکردنی پرۆژە بازرگانییە بچووکەکان، ڕێنمایکردن لەلایەن بازرگانە پەنابەرە سەرکەوتووەکانەوە، بەرنامەی پرۆژەکاری.



خاتو ئەدیارە پەنابەرە و خەڵکی وڵاتی ئەکتییە، سەردانی ڕاوێژکاری کارکردن دەکات لە سەنتەری پشتگیرکردنی پەنابەران بۆ کارکردن لە ساڵۆنیك/*UNHCR* ©ئەخیلەیاس زاڤالیس.



ئەحمەد زاکێت پەناخوازێکی ئەفغانیە، لەو وێنەدادەدەکەوێت لەگەڵ هەر شەش ئەندامانی زێزانەکەیدا لە شاری ترپۆلی، کە ئەو شوێنەیان پێدراوە لە چوارچێوەی بەرنامەی ئێستیا وە. *UNHCR/* © . شۆکراتیس باڵتایانیس

# خانوو - ماڵ

**بەشداربووان زۆر ئەستەم بوو بۆیان کە بتوانن خانوو – ماڵێکی هەرخزانیان دەستبکەوێت، تەنانەت لە ڕێگەی بەرنامەی هیلیۆسیشەوە.** زۆربەیان لەڕێگەی ئەندامانی کۆمەڵگەوە خانوویان دۆزییەوە، سەربەخۆیی و شارەزایی زمانی یۆنانی سەرچاوەی سەرەکین بۆ دەستکەوتن و چاودێریکردنی خانوو، وە پێوسیت بە پشتگیریکردنی پەنابەرنا دەکات بەمەبستی گوزەرانیان، بۆ ئەوەی کە بتوانن لە ڕووی ئابوریەوە خۆڕاگربن و سەربەخۆبن.

>> ئافرەتێك کە خۆی بە تەنهایە، بەبێ لانە ڕووبەڕووی مەترسیەکی گەورە دەبێتەوە، بۆ ئەوەی سەربەخۆیانە بژین، مانگانە پێویستمان بە نزیکەی ١٠٠٠ یورۆ هەیە [ بەڵام ] ئەتوانین ئابوریانە خۆڕاگربین لە شوقەیەکدا بژین کە کرێی مانگانەی ٢٠٠ یورۆ یە، ( ... ) کاتێك خاوەن ماڵەکان دەزانن کە ئێمە پەنابەرین داوای نرخی زیات دەکەن، پێیان وایە کە ڕێکخراوێك / پێکهاتەیەك لە بری ئێمە پارەکە دەدات نەك خودی خۆمان >>.

ئافرەتێکی پەنابەری ئەفخانی، ئەسینا



UNHCR/© . شۆکراتیس باڵتایانیس عەندوڵ بەشیر قاسی کەسێکی تەمەن ٥٣ ساڵە پەناخوازی ئەفغانستانە، وێنەی منداڵەکانی دەگرێت کە خەلاتی ڕێزلێنانیانی فێربوونی زمانەکانی یۆنانی وئینگلیزیان پێدراوە لە لایەن سەنتەری پەروەردە و فێرکردنی خانەکانی منداڵنای ڕێکخراوی شۆش لە شاری هیراکلیۆی کریتی.

## دەرفەتەکان

- پەنابەرە سەربەخۆکان توانیان کە خانوویان دەست بکەوێت.
- ئەندامانی کۆمەڵگەی پەنابەران پشتگیر و هاوکاری یەکدی دەکەن بۆ دۆزینەوەی خانوو – ماڵ.

## ئاڵەنگارییەکان

- پەیوەندیکردن بە خاوەن ماڵەکانەوە.
- نەبوونی پەڵگەنامە پێویستەکان.
- جیاوازیکردن لەلایەن خاوەن ماڵەکانەوە.
- مەترسی بێ لانەیی لە پاش مافپێدان / چوونەدەرەوە لە بەرنامەی هیلیسۆس.
- نرخی بەرزی کرێ خانووەکان لەبەرامبەر مووچەی کەمدا.
- نەبوونی ئەو بڕەی پارەیە بۆ خەرجییە سەرەتاییەکان ( پێشەکیدان / پارەی دەڵاڵ – نوسینگە ).
- سەربەخۆیی مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی بتوانیت بەردەوام لە یەك خانوودا بمێنیتەوە، بەڵام بۆ ئەم حاڵەتە کەموکوری پشتگیریکردنی دەوڵەتی هەیە.
- بڕینی کۆمەکە داراییەکە بەهۆی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتییەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە زۆر لە خێزانەکان بێ دەرامەتن و لە ئۆردوگاکان و شوێنەکانی میوانداریتیدا بە نافەرمیانە دەژین.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- گەشەپێدانی بەشە خزمەتگوزاریەکانی پشتگیرکردن بۆ دەستکەوتنی جێگایەیەك کە یارمەتیدەری پەیوەنیکردن بێت بۆ دۆزینەوەی خانووبەرەکان.
- دابینکردنی هاوکاریکردنی تەواو بەمەبەستی دەستکەوتنی کۆی بەڵگەنامە ووسیتراوەکان کە پێویست دەکات بۆ دۆزینەوەی کار، بۆ بەدەستهێنانی توانی ئابووری بۆ خانووبەرە بە هەمان شێوە.
- یۆنانییەکان میواندارێتی پەنابەران بکەن.
- بەرنامەی هیلیۆس ئاسانکاری بکات بۆ پێکەوە ژیانی مافپێدراوان.



# بەڵگەنامەكان

زۆربەی زۆریان، بەشداربووان دەیانزانی – نەك هەموو كات – بۆ بەڵگەنامە پێویستە فەرمییەكان، وەك ئەفیمی، مۆڵەتنامەی مانەوە و ئامكا یان پاییپا بۆ چارەسەرگەری تەندروستی.

**هەرچەندە، تا ڕادەیەكی زۆر بێئاگابوون لە بیمە كۆمەڵایەتییە دەوڵەتییەكان، مافی دەستگەیشتن بە بیمە كۆمەڵایەتییە دەوڵەتییەكان یان كاروبارەكان بۆ ئەوەی بتوانن دەستیان بگات بەو بیمانە،** وەك كۆسپی سەرەكی بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەكان ئاماژەكرا بە نەبوونی ناونیشانێكی دیاریكراو، یان زمانی یۆنانی و شتی تر،

> << هیچ شتێك نازانین سەبارەت بە بیمەكان، زانیاریمان نییە سەبارەت بە بەڵگەنامەكان و دەستگەیشتن بە بیمەكان، كە مۆڵەتی مانەوەمان پێدرا، بە دواداچونیان بۆ دەكەین>>.
>
> پەنابەرێكی فەلەستینی، لە كۆس

## دەرفەتەكان

- پەنابەرە سەربەخۆكان توانیان كە بەڵگەنامە داواكراوەكان دەربهێنن.
- هێڵەكانی هاوكاری خزمەتگوزاری دەوڵەتی هەن ( ئێودی، ئێفۆرییا )، كە دەیانتوانی گەشەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی كە ڕێنماییەكان بخەنە بەردەستی پەنابەرانەوە.

## ئاڵەنگارییەكان

- ئاڵەنگارییەكانی زمان لە دەزگا دەوڵەتییەكان دا.
- نەبوونی ناونیشانێكی دیاریكراو – بەرجەستەكراو.
- كەموكوری خزمەتگوزاریەكان لەماوەی پەتای كۆڤید-١٩دا، بووە هۆی دواخستنی دەرهێنان و نوێكردنەوەی بەڵگەنامەكان، بەلەخۆگرتنی بەڵگەنامە یاساییەكان لەلایەن دەزگای پەنابەرییەوە، مۆڵەتنامەكانی مانەوە و بەڵگەنامەكانی سەفەركردن.
- هەمواركردنەوەی بەردەوامی یاساكان، لێكدانەوەی زۆری یاسا و جیاوازیەكانی جێبەجێكردن، نەبوونی پەیامە ڕوونەكان لەلایەن خزمەتگوزارییە گشتییەكانەوە – دەوڵەتییەكانەوە.
- كاتكێشانی كاروباری وەرگرتنی مۆڵەتنامەی مانەوە، بەڵگەنامەكانی سەفەركردن، بیمە دەوڵەتییەكان.
- پرۆسەی ئاوێتەبوون زۆر كەمجووڵەیە، كاتكێش و داواكەرەیە.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- پێشکەشکردنی هاوکاریکردنی تەواو بۆ پەنابەران بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە بەڵگەنامەکان – مەرجێکی سەرەکی بۆ کارکردن.
- کۆرسە ئامانجبەخشەکان و زانیاری بەردەوام بۆ





مێردمنداڵانی بێهاوڵ لە نیزیك هێڵی شەمەندەفەری سالۆنیک.*UNHCR/* © ئەخیلەیاس زاڤالیس.

# جیاوازیکردن

<< زۆر جیاوازیکردن هەیە لە دوورگەکە، زۆربەی دوکانەکان، کۆشکەکان، چێشتخانەکان، نایانەوێت خۆراکمان پێ بفرۆشن یان بۆمان دابنێن، پێمان دەڵێن " بڕۆ، بڕۆ " ئافرەتە ئەلبانیەکە کەلە کۆشکەکە کاردەکات تەلەفۆن دەکات بۆ ( چێشتخانەکە ) داواکاری خواردنەکە بۆ ئێمە دەکات، بۆ ئەوەی لەفە بخۆین >>.

پەنابەرانی ئەفخانی، عێراقی و فەلەستنی لە سامۆس

لەکاتی بەشداربوونی هەڵسەنگاندنەکەدا، کەسانێك ئاماژەیان کرد بە جیاوازیکردن و توندوتیژی جەستەیی. **بە ئەندازەیەکی زۆر بێئاگابوون لە مافەکانیان یان مافەکانیان بۆ سکاڵاتۆمارکردن دژ بە تاوانەکانی ڕقلێبوونەوە.**

جیاوازیکردن و ڕەگەزپەرستی ئاماژەیان پێکرا لە چەندین حاڵەتی ڕۆژانەدا، بۆ نمونە، لەکاتی گەران بەدوای خانوو – ماڵێکدا، گەران بۆ کار، چوونە دەزگا خزمەتگوزارییەکان، لەناو هێڵەکانی هاتووچۆ و گواستنەوەدا، لە قوتابخانەکان و دوکان و بازارەکاندا، ئاماژەی بۆ کرا کەوا ئافرەتان بە سەرپۆشەوە بە هەمان شێوە ڕەفتاریان بەرامبەر دەکرێت، باسکردنی بەردەوامی جیاوازیکردن لەلایەن پۆلیسەوە دژ بە پەنابەران.

## دەرفەتەکان

- پەنابەران دەیانەوێت هاوکاریکردن و کارگوزاری هاوبەشیان هەبێت لەگەڵ دەزگای یەکەمی پێشوازی دا و پەیوەندیەکی ئاشتیانە هەبێت لەو نێوانیادا.
- بوونی تۆڕی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی توندوتیژی ڕەگەزپەرستی.
- پەنابەران باوەڕیان وایە کە جیاوازیکردن و ڕەگەزپەرستی کەمدەبوویەوە ئەگەر بەزمانی یۆنانی قسەیان بکردایە.

## ئاڵەنگارییەکان

- جیاوازیکردنی ڕۆژانە بەرامبەر بە پەنابەران لە هەندێ لە پێکەگان و دەزگاکاندا و ڕۆژانەی ژیاندا.
- میدیا نێگەتیڤییەکان و ڕەوانبێژی سیاسی دژ بە پەنابەران، کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ڕای گشتی.
- کەمترین پەنابەران و ڕێکخراوان دەزانن بە بوونی تۆڕی تۆمارکردنی توندوتیژی ڕەگەزپەرستی.



## پێشنیارەکانی پەنابەران

- سازدانی گفتوگۆ لە نێوان پەنابەران و دەزگای یەکەمی پێشوازیدا بەمەبەستی بەهێزکردنی هەستیاری و لێکتێگەیشتنی هاوبەش.
- گۆڕینی ڕەوانبێژی دەوڵەتی یۆنانی و میدیاکان کە گوزارشتی پەنابەران دەکەن بە شێوەیەکی ناشیرین.

مێردمنداڵانی بێهاوەڵ لە باخچەیەک نزیک لە هێلی شەمەندەفەری شاری سالۆنیک./*UNHCR* © ئەخیلەیاس زاڤالیس.



دوو منداڵی پەناخوازی ئەفغانی ماسیدەگرن لەکەنار دەریا، لە شوێنی کاتی مانەوەی ماڤرۆڤونی، لە لێشڤۆس./UNHCR © ئەخیلەیاس زاڤالیس..

# پاراستنی منداڵان

.منداڵان نیگەرانیان دەربری سەبارەت بە ئاسایش و پاراستنیان، کە زۆرجار پەیوەستە بە شوێنی نالەباری ژیانیانەوە لە شوێنەکانی میوانداریێتی دەوڵەتی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارگوزەرە دەوڵەتییەکان، بە پێچەوانەوە مێردمنداڵە بێهاوەڵەکان ( UAC ) کە لە خانەکانی میوانداریێتیدا یان لە لانەکانی پشتگیریکردنی سەربەخۆدا دەژین ( SIL ) باسی باشترین ڕەوشی ژیانیان دەکرد.

**ئەستەمی دەستنەگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاڵنگاریانەی کە منداڵان و خێزانەکانیان ڕووبەڕووی دەبنەوە، کە بە تایبەتی سەرنجیان ڕاکێشا بۆ بوارەکانی تەندروستی و خوێندن،** زۆربەی منداڵان باسی ئەوەیان دەکرد کە ناتوانن بڕۆنە قوتابخانە بە هۆی ئاڵنگارییە کارگێرییە دەوڵەتیەکانەوە، منداڵان ووتاین بە هۆی ئەو هۆکارانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا

دڵنیانەبوون لە ئایندەیان کە پەیوەستە بە کاتکێشانی زۆری

<< کێشەی زۆر گەورەی تاوان و دزیکردن هەیە لە شوێنی میوانداریێتیەکەدا، ئێمە هەمیشە لە ترس و نائارامیداین کە ئایا شتومەکەکانمان لەناو خێمەکەدا بەجێبهێڵین یان ببەین لەگەڵ خۆماندا>>. << دەترسم چونکە ڕۆشنایی نییە: بەشەو هەموو دەوروبەرمان تاریکییە و کێشەی گەورەی تاوانکاری و توندوتیژی هەیە>>.

کورانی مێردمنداڵی بێهاوەڵی سوریا و ئەفخانستان

لە دوورگەی لێشڤۆس

کاروبارەکانی پەنابەرییەوە، کاریگەری تەندروستی دەروونی

لەسەر کردوون، نیشانەکانی دڵەڕاوکێی، فشار، بێخەوی،

لاوازی کە نەتوانن ئامنجەکانیان دەستنیشان بکەن.

.

## دەرفەتەکان

- دامەزراندنی بەرێوەبەری تایبەتی پاراستنی مێردمنداڵە بێهاوەڵەکان ( ب.ت.پ.م.ب )، هەڵوەشاندنەوەی یەکەی پاراستنی مێردمنداڵە بێهاوەڵەکان و یاسا پێشکەوتووە ئەرێنییەکانی تر پاراستنی منداڵان لە یۆنان بەهێزتر دەکات، بە تایبەتی مێردمندالانی بێهاوەڵ.
- منداڵان دەیانەوێت کە ئاگاداربکرێنەوە و بەشداربوونیان هەبێت لەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە چارەنوسیانەوە، هەروەها بتوانن کە بخوێنن و چارەنوسێك دیاری بکەن چ لە یۆنان بێت یان لە ولاتانی تری یەکیتی ئەوروپا بێت، منداڵان کێشەکان و مەترسیەکان تێدەگەن و دەتوانن کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت لە پێشنیارکردن و جێبەجێکردنی چارەسەرگەرییەکاندا.

## ئاڵەنگەرییەکان

- ئاڵەنگەرییەکانی زمان دژوارتربوون بە هۆی نەبوونی وەرگێر لە دەزگا دەوڵەتیەکاندا و بەرهەڵستکران لە نەزانینی زمانی یۆنانی یان زمانی ئینگلیزی لە نێوان کۆمەڵگەکانی پەنابەراندا.
- بارودۆخی سەختی گوزەران لە شوێنی میوانداریێتییە دەوڵەتیەکان و نادڵنیایی لە چارەنوس زۆربەی منداڵان ڕووبەرووی نائومێدی دەکاتەوە، چونکە هەست دەکەن لە بۆشاییەکدا گیریان خواردووە و هەلەکان لەدەست دەدەن.
- ئینجا سەبارەت بە خوێندن، پشتگیرییەکی کەم هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە بەرامبەر بە پەنابەران بۆ ئەوەی کە بتوانن دەستیان بگات بە خوێندنی فەرمی. زۆربەی قوتابخانەکانی ناوەراستی ئەسینا پڕن و چارەسەرێکی تریش نییە، وەك دەرئەنجامیك، کە منداڵان ناڕۆنە قوتابخانە.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- دروستکردنی پێکهاتەیەك کە منداڵانی پەنابەر دەنگیان هەبێت لەسەر ئەو بڕیارانەی کە کاریگەریان دەبێت لەسەر سەرفرازیان.
- دابینکردنی یەکەی زانیاریەکان کە گونجێنراوبێت بۆ منداڵان و گواستنەوەی لە ڕێگەی کەناڵە دۆستیەکان بۆ منداڵان و هەرزەکاران. هاوکات دابینکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پلاتفۆرمەکانی بە ڕاوێژکردن لەگەڵ منداڵەکان خۆیان دا.
- بەرهێنانی پرۆگرامەکانی فێربوون و ڕێنمایی کردن لەلایەن هاوتەمەنەکانەوە، کە تێیدا چ پەنابەران و چ ڕاهێنەرانی خۆبەخشی یۆنانی و ڕێنماکەرانیش.
- دامەزراندنی وەرگێری تایبەت لە ناوەندە تەندروستییەکاندا یان وەرگێرەکان هاوەڵی منداڵان بکەن لە چوون بۆ وادەی پزیشکییەکان.
- زیادکردنی وانە یارمەتیدەرەکان و ئامادەکراوەکان بۆ منداڵانی پەنابەر، بەمەبەستی ئەوەی ئاسانکاری هەبێت بۆ ئاوێتەبوون لە قوتابخانە گشتییەکان دا.
- زیادکردنی ژمارەی دیاریکراویشوێنی فەرمی فێرکەران، دامەزراندنی ژمارەی تەواوی مامۆستایانی ئەزموندار لە قوتابخانە گشتییەکان بە فێرکاری تایبەت بە پەنابەران بەمەبەستی پێووتنەوەی وانەتایبەتەکان.
- منداڵان پێشنیاریان کرد کە پەروەردەی فەرمی پۆلیس بکرێت چ لەناو وە چ لە دەرەوەی بنکە دەوڵەتییەکاندا بۆ باشکردنی ڕەفتارکردن سەبارەت بە ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیەکان و دوورەپەرێزی لە جیاکاریەکان.



© UNHCR/ . ئەخیلەیاس زاڤالیس یەکەی خزمەتگوزاری بەداوی ئەو منداڵە پەنابەرانەدا دەگەڕێن کە بێ لانەن یاخود لە جێگا و شوێنی نا ئاساییشدا دەژین، لە نزیك هێڵەکانی شەمەندەفەر لە قەراخ شاری سالۆنیك دا.



لیندا وەنجان تەمەنی نەوەت ساڵە و پەنابەری سورییە، ژەمی یەکەمی ڤاکسینەکە دژ بە کۆڤی-١٩ دەکات لە نەخۆشخانەی خاچی سووری یۆنانی لە ( کۆریالینۆ بەناکی ) لە شاری ئەسینا.*UNHCR/* © . شۆکراتیس باڵتایانیس

# تەندروستی

<< کچەکەم زۆرجار هێنرابوویە خەستەخانە و نەماندەزانی کە چییەتی، نەزانیت کە منداڵەکەت چییەتی، ئەشکەنجەدان بوو >>.

ئافرەتێکی گەنج، سامۆس

دەستگەیشتن بە چارەسەرگەری تەندروستی چ بۆ پەناخوازان و چ بۆ پەنابەران وەك ئاڵەنگەرییەک ماوەتەوە، زۆربەیان ڕەچاویان کرد کە هەندێك لە ئاڵەنگەرییەکان چوون یەکە لەگەڵ یۆنانییەکاندا، **ئەگەر چی هەندێکیان پێیان وایە کە سڕینەوەی وادە جیاکاریە، دواکەوتنی فریاگوزاریە خێراکان و بێ ڕەوایی هەندێك لە کارگوزەرانی چارەسەرگەری تەندروستی.**

دەستگەیشتن بە بەشە تایبەتەکان زۆر ئەستەمە و وەرگێران ئاڵەنگەرییەکی بەردەوامە بۆ ئەوەی دەستت

بگات بە هەر بەشێکی خزمەتگوزاری تەندروستی.

## دەرفەتەکان

- ئەندامانی کۆمەڵگەی یۆنانی ناوچەکە یارمەتی پەنابەران دەدەن بۆ ئەوەی وادە پزیشکیەکان وەربگرن.

## ئاڵەنگارییەکان

- دواکەوتنی وەرگرتن یان نوێکردنەوەی بەڵگە یاساییەکان کە پەیوەستن بە ئامسکا و پاییا وە.
- دواکەوتنی دەستبەجێی چارەسەرگەری پزیشکی ( دواکەوتنی فریاگوزارییە خێراکان، سەردانی حاڵەتە پزیشکییە کتوپڕەکان ).
- دەستگەیشتن بە چارەسەرگەری تەندروستی خراپتر بوو لە ماوەی پەتاگیریەکەدا.
- نەبوونی وەرگێر لە چارەسەرگەری تەندروستی.
- دواخستنە گشتییەکان و ماوە درێژخایەنەکانی چاوەڕوانی ( هەتا دە مانگ ) بۆ وادەی پزیشك.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- ئامادەبوونی فریاگوزاری خێرا لە شوێنەکە لەناو ئۆردوگاکان و شوێنی میواندارێتیەکان لە شار و شارۆچکەکاندا.
- داکۆکیکردن بۆ پشتگیری دەوڵەتی بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە چارەسەرگەری تایبەتی تەندروستی هەیە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە خزمەتگوزاری ئامادەکراونییە لە شوێنی میواندارێتییەکەدا.
- داکۆکیکردن بۆ دابینکردنی وەرگێر لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا ( تەنانەت قبوڵکردنی وەرگێری لەدوورەوە - لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ).



©UNHCR/ ماریۆس ئەندرۆیدیش - کۆنستادیۆس عەبدوولا ئەمادوو پەناخوازێکی خەڵکی کامیرۆنە، خزمەتگوزاری پزیشکی پێشکەشی پەنابەران دەکات لە دورگەی لێشۆس.



پەناخوازێکی ئەفغانی بە قاچێکی شکاوەوە ڕاوەستاوە لەبەردەم کۆمەڵێ خێمەدا، لە شوێنی کاتی مانەوەی ماڤرۆڤونی، لە دورگەی لێشڤۆس.
UNHCR/ ©ئەخیلەیاس زاڤالیس.

# کەسانی کەم ئەندام

>> هیچ پێکهاتەی ڕاستەقینە نییە بۆ کەسانی کەم ئەندام نە لەناو وە نە لە دەرەوەی شوێنی میواندارێتییەکاندا <<.

کەسی کەم ئەندامی پەناخواز لە

دورگەی لێشڤۆس

پەنابەران باسی ئەو ئاڵەنگارییانەیان کرد کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی پزیشکە تایبەتەکان و دەستنەگەیشتن بە داودەرمان، ئاڵەنگەرییەکان پەیوەستن بە زمان و نەبوونی وەرگێر، کەسانی کەم ئەندام لە دوورگەکاندا ئاماژەیان بەوەکرد کە ئەگەر لە حاڵەتێکدا کێشەیەکی گرنگی تەندروستییان هەبێت، پێویست دەکات چاوەڕوانی بکەن بۆ گواستنەوەیان بۆ ناوخۆی وڵات بە مەبەستی ئەوەی داودەرمان و چارەسەرگەری تایبەتییان بۆ بکرێت، کەسانی کەم ئەندام گلەیی دەکەن بە نەبوونی ئامێرە یارمەتیدەرەکان بۆ حاڵەتە تایبەتەکانیان، ئەوانەی لە ئۆردوگاکاندا دەمانەوە باسی ئەوەیان کرد کە دەستیان ناگات بە پێداویستییە سەرەکییە خزمەتگوزارییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی پێکهاتەی WASH.

**زۆربەی ئەو کەسانەی کە حاڵەتی تایبەتی کەمئەندامیان دەڵێن کە**

**هیچ جۆرە زانیاریەکیان پێنادرێت سەبارەت بە مافەکانییان،**

**بە کەرتە تایبەتە خزمەتگوزاریەکان و یەکەی کاروبارە**

**کارگێرییەکان،** کەسانی کەم ئەندام نیگەرانیان دەربڕی سەبارەت بە

گوزەرانیان لە یۆنان، بارودۆخی نامرۆڤانەی ناو ئۆردوگاکان کە

وایان لێدەکات هەست بکەن کە " بێکەڵک " و " بەندکراون "، وە بۆ بێلانەیی، داوادەکەن کە دەستیان بگات و بتوانن کە ئامادەبن لە وانەکانی فێربوونی زمانی یۆنانی، ڕاهێنانی پیشەیی، باشکردنی شارەزایی و زانینییان، ، هەروەها بتوانن کە کاریان دەست بکەوێت بۆ ئەوەی ببنە هاوڵاتی بەرهەمهێنەر.

## دەرفەتەکان

- دامەزراندنی جێگری وەزیر بۆ حاڵەتەکانی تەندروستی دەروونی یارمەتیدەر دەبێت بۆ گرنگی و بایەخدان بە حاڵەتەکە.
- پڕۆژەیەکی بەرجەستەخراو لە ئەسینا بۆ پشتگیرکردنی کەسانی کەم ئەندام هاوکاریکردن بەهێز دەکات لە نێوان دەزگا بەرپرسەکان و ڕێگاکانی چاودێریکردن و چارەسەرگەری باشتر دەکات، دەستنیشانکردنی کەموکوریەکان، وە ئاڵەنگەریەکان کە دەبێت چارەسەربکرێن.
- توانای کۆمەڵگەکانی پەنابەران کە بتوانن یارمەتی کەسانی کەم ئەندام بدەن.
- پێشنیاری دروستکردنی  پێکهاتەی کارگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە لایەن دەوڵەتەوە تاوتوێ دەکرێت.

## ئاڵەنگەرییەکان

- توانای کەمی پێکهاتەی تەندروستی نیشتیمانی، لەگەڵ ئەوەشدا تەندروستی دەرونی، کە بتوانێت خزمەتگوزاری کەسانی کەم ئەندام بکات، بەتایبەت لە دوورگەکان دا.
- ڕێژەی کەمی وەرگێر / گەیەنەرەکان لەناو پێکهاتەی تەندروستی نیشتیمانیدا بوار نادەن بە پەناخوازان و پەنابەران بە ئاسانی دەستیان بگات بە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، کێشەکە زۆر بەرچاوە بۆ ئافرەتان کە پێویستیانە دەستیان بگات بە چارەسەرگەری تەندروستی بۆ حاڵەتە تایبەت و هەستیارەکان، چونکە  ئافرەتانی وەرگێر زۆر کەمترن.
- کەسانی کەم ئەندام ئومێدیا بە توانای سنورداری ڕێکخراوە خێرخوازەکانە کە ئامێرە یارمەتیدەرەکانیان بۆ دابین بکەن.
- کەسان بە حاڵەتی تایبەتەوە لە دوورگەکان باسی لە بارودۆخی نامرۆڤانەی ناو ئۆردوگاکان دەکەن، لەکاتێکدا کە کەسانی کەم ئەندام دەستیان ناگات بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەکانی WASH.
- نەبونی زانیاریەکان سەبارەت بە مافەکانی کەسانی کەمئەندام / حاڵەتە تایبەتەکان و نەبوونی خزمەتگوزارییە تایبەتەکان.
- نەبوونی فێرگەی فێربوونی زمان و راهێنانی پیشەیی بۆ کەسانی کەمئەندام / حالەتە تایبەتەکان.
- نەبوونی یارمەتی دەوڵەتی بۆ بە تەمەنەکان.

## پێشنیارەکانی پەنابەران

- دابینکردنی بەرجەستەکرا و  و دەستبەجێ دەستگەیشتن بە پێکهاتە تەندروستیە گشتیەکان بە هاوەڵی گەیەنەرەکان یان وەرگێرەکان بۆ نەخۆشخانەکان  و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکانی تر،( سەربەخۆ لە یاسا ڕەچاوکراوەکە).
- خزمەتگوزاری دەستبەجێی پێگەیاندنی زانیاریەکان تایبەت بە مافەکانی کەسانی کەمئەندام / حاڵەت تایبەتەکان، خزمەتگوزاریەکان لە کەناڵە بەرجەستەکراوە دیجیتاڵییەکان و لەڕێگەی پێگەیاندنی  بەردەوامی و دووپاتکردنەوەی زانیاریەکان لە کۆبوونەوەکان دا.
- بەخێراکردنی کاروبارەکان بۆ کەسانی کەمئەندام / حاڵەتە تایبەتەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری یاسایی بۆ کاروبارەکانی پەنابەری و کارگێری، گواستنەوەی کەسانی کەمئەندام / حاڵەت تایبەتەکان لە دوورگەکانەوەو بۆ ناوخۆی وڵات بۆ ئەوەی گوزەران بکەن لە جێگاو شوێنی گونجاودا هەتا بتوانن کە دەستیان بگات بە یەکە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان.
- جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاوێتەبووون بۆ کەسانی کەمئەندام / حاڵەتە تایبەتەکان، بەرنامەکانی ڕاهێنانپێکردن  بە شوێنی کارکردن لە پاش ئەو  ڕاهێنانە، پشتگیرکردن  و هاندان بۆ فێربوونی زمانی یۆنانی.
- فێرکردن و پشتگیرکردنی ئەندامانی کۆمەڵگەکانی پەنابەران بۆ ئەوەی هەر یەکەو یارمەتی ئەویدی بدات، یارمەتی دانی کەسانی کەمئەندام / حاڵەتە تایبەتەکان بە تایبەتی.
- دابینکردنی تەاوی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ ئەوکەسانەی کێشەی جموجوڵیان هەیە، دروستکردنی پێکهاتەکانی WASH گونجاو بۆ کەسانی کەمئەندام / حاڵەتی تایبەت لەناو شوێنی میوانداریێتیەکاندا و دابینکردنی ئامێرە یارمەتیدەرەکان پابەند بەپێی حاڵەتە تایبەتییەکان.
- کەسانی کەمئەندام / حالەتە تایبەتەکان داوای دابینکردنی فێرگەی فێرکردنی پۆلیسەکان و کارگوزەرانی ئۆردوگاکانیان کرد سەبارەت بە هەندێك پێویستی تایبەتی ئەوکەسانەی کە ئەو حاڵەتانەیان هەیە.
- دابینکردنی موچەی خانەنشینی بنەڕەتی بۆ بەتەمەنەکان یان  جۆرێکی تری یارمەتیدانی دارایی بۆ بەکارهێنانی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی کە بتوانن پێداویستییە سەرەکییەکانیان دابین بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دابینکردنی خۆراك و  داودەرمان.



# پەیڕەوکارییەکان

هەڵسەنگاندنەکانی بەشداربووان بریتین لە کۆبوونەوەی جیاوازی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئافرەتان، کچان، کوڕان و پیاوان، هەروەها هەرزەکاران دا، پەنابەران و پەناخوازان، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری ڕاستەقینە سەبارەت بە هەندێك مەترسی پاراستن و هۆکارە نادیارەکانی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، تێگەیشتن لە کارامەییەکانیان و گوێگرتن لە تەوای چارەسەریەکان کە پێشنیاری دەکەن، پەیڕەوە سەرەکییەکان کە بەکارهێنران بریتی بوون لە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ خێزانەکاندا، کۆمەڵی سەرنجدان، هەروەها ئاماژەبۆکردنی بەشداربووان بوو لەسەر هەندێك بیروڕاو و بۆچوون.

بەشداربووان نوێنەرایەتی تایبەتی شوێنگە جیاوازەکانیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیدان بە چوونی هەندێك لە گرووپەکان – ئامانجەکان کە وەڵام درانەوە لەرێگەی پرسیارنامەکانەوە:

- کەسانی کەمئەندام / حاڵەتی تایبەت
- مێردمنداڵانی بێهاوەڵ
- منداڵانی هاوەڵدار
- ١٨ ساڵان کە پێشتر مێردمنداڵ بوون

بەردەستیەکانی بەشداربوونی هەڵسەنگانەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بە پیت بوو، هۆکاری بنەرەتی ئەو بەشداربوونی هەڵسەنگاندنە بریتی بوو لە نیگەرانیەکان و پێشنیارەکان تایبەت بە ئاوێتەبوونی پەنابەران و پەناخوازان. بەڵام هاوکات بەردەستییەکان بریتی بوون لە باس کردنی بواری تەندروستی، توندوتیژی ڕەگەزی، پەروەردە، ئاسایش و جیاکاریەکان، بەڵام، هەرچەندە ئەو بابەتانە سەرەکی نەبوون، تەنها یەك یان دوو پرسیار بەردەستخرابوون بۆ گفتوگۆکردن - بەوشێوەیە هەندێك بۆچونمان گەڵاڵەکرد. ڕاهێنانەکە مەبەستی مانەوەی پەنابەران لە وڵاتی یۆنان یان ڕۆشتنیان بۆ وڵاتێکی تر نەخستە ڕوو.



UNHCR/ © . دێسپینا ئەناگنۆشتوو لە ئۆردوگای پێشوازی و ناسینەوەی سامۆس، منداڵانی پەنابەر، بە پشتگیری خزمەتگوزارن، دەبنە هاندەری منداڵانی هاوەڵیان کە گفتوگۆ بکەن و بیروڕای ڤیاوازی خۆیان بگۆڕنەوە

## سەرچاوەکان و جوگرافیای زانیارییەکان

گفتوگۆکان ڕێکخران لەگەڵ کۆمەڵی سەرنجدان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ هەر نەتەوەییەك، تەمەن و ڕەگەز. کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران و هاوکارەکان بەگشتی ١١٦ کۆڕیان سازکرد کە تێیدا بە گشتی ٥٦٦ بەشداربوون، بەپێی شوێن دابەشکرابوون بەو شێوەیەی خوارەوە:

| شوێن | کۆڕەکان # | بەشداربووان # | پیاوان # | ئافرەتان # |
|---|---|---|---|---|
| ئەسینا | 19 | 91 | 49 | 42 |
| سالۆنیك | 8 | 24 | 18 | 6 |
| شارو شارۆچکەکانی باکوری یۆنان | 7 | 42 | 26 | 16 |
| خانەی میوانداریتیەکانی ناوخۆ | 31 | 164 | 94 | 70 |
| ئێڤرۆس | 4 | 18 | 18 | 0 |
| لێشڤۆس | 11 | 90 | 46 | 44 |
| سامۆس | 13 | 45 | 25 | 20 |
| خیۆس | 10 | 55 | 40 | 15 |
| کۆس | 5 | 10 | 6 | 4 |
| لێرۆس | 3 | 9 | 5 | 4 |
| کریتی | 5 | 18 | 11 | 7 |



لەکۆی ١١٦ کۆڕدا، ١٥ **کۆڕیان ڕێکخران و ئەنجامدران بە هاوکاری شارەوانی ناوچەکان**، دووان لە ئەسینا، یەك لە ساڵۆنیك، حەوت کۆڕ لە شارەکانی باکوری یۆنان،( یوانیینا، لاریسا. کاردیچە و تریکاڵە ) وە پێنج کۆڕ لە کریتی. بەشداربووان بەناخواز و ...ەر بوون و لە چەند وڵاتێکی جیاوازەوە هاتوون:

- ئەفغانستان
- سوریا
- عێراق
- فەلەستین
- سۆماڵ
- پاکستان
- بەنگلادش
- کۆنگۆ
- بورکینا فاسۆ
- سەرالیۆن
- گوینیا
- کامیرۆن
- تۆگۆ
- میسر
- مەغریب
- ئێران



*UNHCR/* © . شۆکراتیس باڵتایانیس  منداڵێک بەشداری پێشبڕکێیەك دەکات کە ماوەکەی ٢،٥ دوو کیلۆمەترونیوە لە ڕۆژی جیهانی پەنابەران لە دورگەی لێرۆس، لە ١٧ ی نیسانی ٢٠٢١ دا.

## ئاڵەنگەرییەکان و سنورداریيەکان :

- ژمارەی کەمی بەشداربووان.
- سنورداری بە هۆی کۆڤید-١٩، ڕێگربەستی ژمارەی زیاتری بەشداربووانی بۆ ناو گفتوگۆکان دروست کرد.
- بەشداربوونی هەڵسەنگاندکە ڕاگیرا بەهۆی تەوژمی گەرما و ئاگرکەوتنەوەکانی مانگی ئابی ٢٠٢١ دا.
- دوودڵی لە بەشداربوونی هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵگەکانی پەنابەران.

هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریەکانی یۆنان لە لایەن بەشداربووانەوە

کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە یۆنان

٢٦ی حوزەیران - ٢٠ی ئابی ٢٠٢١

UNHCR
The UN Refugee Agency

نوسینگەی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە ئەسینا

میخالاکۆپوولوو ٩١
١١٥٢٨ ئەسینا، یۆنان
www.unhcr.org/gr